هەرێمی کوردستان- عێراق
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئاداب – دەروونزانی

# "کۆمەڵگە و بیرکردنەوەی
# دوو جەمسەری"

**ئامادەکردنی:**
**1. علی عبدالقادر رسول**

سالی خوێندن ٢٠٢٠-٢٠٢١

## پێرست:


❖ **پێشەکی ........ 3**

بیرکردنەوەی دوو جەمسەری چییە؟ ........ 3

ڕەنگ کوێری و  بیرکردنەوەی دوو جەمسەری ........ 4

ناشرینیەکانیشت لا جوان ئەبێت ........ 5

ناتوانیت لە حەقیقەت بگەیت ........ 4

❖ **مێژووی دەستەواژەی دوو جەمسەری ........ 7**

ڕۆمانی "1984" ........ 7

❖ **بیرکردنەوەی وردەکارانە وەک چارەسەرێک ........ 8**

بڕیار لەسەر ئاستی باشی و خراپی ئەدات: ........ 8

❖ **زیانەکانی بیرکردنەوەی وردەکارانە لەسەر کۆمەڵگە ........ 10**

❖ **توێژینەوە ........ 12**

❖ **دەرەنجام ........ 13**

❖ **سەرچاوەکان ........ 14**

# پێشەکی:

بیرکردنەوەی دوو جەمسەری ، بەشێوەیەکی وا زاڵە بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کە ، ڕەنگە بەشێکی زۆری دیاردە نەرێنیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، لەوەوە سەرچاوەیان گرتبێت. توندڕەوی ، یەکتر قبوڵنەکردن ، ڕەگەزپەرستی ،  شارچیەتی ، عەشیرەتچیەتی و گەلێکی تریش ، زادەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەن.

ئەوانەی هەڵگری ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەن بێ ئەوەی خۆیان درکی پێ بکەن ، لە زۆربەی بوارەکان و لەکاتی هەڵسەنگاندنی زۆربەی شتەکان دوو جەمسەرانە بڕیار ئەدەن. بۆیە ئەکرێت ئەم ڕاپۆرتە (یان ئەم سمینارە) ، بەهەزارەها پرسیار لە مێشکی ئێوە دروست بکات و هێدی هێدی بپرسن ئەرێ بەڕاست ئێمە  بیرکردنەوەی دوو جەمسەرانەمان هەیە یان نا؟! ، ڕەنگیشە چەندان پرسیار ئاراستەی ئێمە بکەن. یان بتانەوێـت بیسەلمێنن کە بیرکردنەوەی دووجەمسەریتان نییە!

بەهەرحاڵ ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە ئاگاییەک بەو جۆرە بیرکردنەوەیە پەیدا بکەین ، هەر هیچ نەبێت لەمەودوا جۆری بیرکردنەوەکانی خۆمان بناسینەوە.

پێش هەر شتێک ، پێویستە ئێمە لە دەستەواژەی "دوو جەمسەری" بگەین. ئایا هەر بە ڕاست "بیرکردنەوەی دوو جەمسەری" چییە؟! ،  کێن ئەوانەی "بیرکردنەوەی دوو جەمسەر"ـیان هەیە ؟! ، ڕەنگە بۆ وەڵامدانەوە ئەو پرسانە، چەند نموونە و وێناکردنێکمان پێویست بێت:

## ❖ بیرکردنەوەی دوو جەمسەری چییە؟:

ئێمە کاتێک منداڵین ، لامان وایە باوکمان هەموو شتێک ئەزانێت. لامان وایە گەر فەیلەسف و دانا و زانا و بلیمەت و بەتوانا هەبێت، بێ شک ئەو یەکەمین کەسە. بەڵام هەرچەند تەمەنمان هەڵکشێت و بگەینە تەمەنی هەرزەکاری و (باڵغ)ـبوونەوە. هێدی هێدی کەم و کورپیەکانی باوکمان بۆ بەدەر ئەکەوێت. ئێنجا بۆمان بەدەر ئەکەوێت کە باوکم ئەوەندەش زانا نییە ، ئاخر ئەو نە لە مۆبایل ئەزانێت نە لە فلان و فیسار ، ئەسڵەن ئەو هیچ لەو جیهانە مۆدێرنە نازانێت!، باوکم هیچ نازانێت.

گەر لێی وردبینەوە، لە تەمەنی منداڵی وا بیر ئەکەینەوە باوکمان لەوپەڕی زانایی دایە ، کەچی لە تەمەنی هەرزەکار وا بیر ئەکەینەوە کە باوکمان لەوپەڕی نەزانی دایە. گەر لە منداڵی خوا خوات بووبێت ڕۆژێک دەستی باوکت بگریت و لەگەڵ ئەو سەفەرێک بکەی ، لە تەمەنی هەرزەکاری شەرم ئەکەی بۆ چەند دەقەیەکیش لەگەڵ ئەو پیاسە بکەی. گەر لە تەمەنی منداڵی لای هاوڕێکانت بە شانایەوە باسی باوکت کردبێت ، لەتەمەنی هەرزەکاری شەرم ئەکەیت باسی باوکت ئەوە باوکمە.

ئەم جۆرە بیرکرنەوەیە پێی ئەڵێن "بیرکردنەوەی دوو جەمسەری" ، واتا لە کاتی هەڵسەنگاندنی کەسەکان (یان شتەکان) تەنها دوو جەمسەر ئەگریت ، یان لات وایە کەسەکە زۆر زیرەکە (یان زۆر باشە) یان لات وایە کەسە زۆر نەزانە (یان زۆر خراپە) . ئەوەی لە جەمسەری (زۆر باشە)کەیە با دیکتاتۆر و پیاوکوژبێت ، یان هەرچی کاری خراپە کردبێتی و شەیتان بە شەیتانی خۆی دەرقەتی نێت . ئەو هەر وا ئەزانێت فریشتەیە . ڕێک بە پێچەوانەوە ئەوەی لە جەمسەری بەرامبەرە (زۆر خراپ ) ، با هەرچی کاری چاکە کردبێتی یان تەنانەت فریشتەش بێت ، ئەو هەر بە شەیتانی ئەبینێت و هیچ کارێکی باشی لێ ناوەشێنێتەوە.

## ❖ ڕەنگ کوێری و بیرکردنەوەی دوو جەمسەری:

بیرکرنەوەی "دوو جەمسەری" ڕێک وەک " ڕەنگ کوێری" وایە. تەنها دوو ڕەنگ ئەبینێت ڕەش یان سپی ، دۆست و هاو جەمسەرکەی بە سپی و دوژمنەکەشی بە ڕەش . لەو نێوەندەدا هیچ ڕەنگێکی دی نابینێت (***هەنگاوێک بەرەو بیرکردنەوەیەکی دروست (2015)***: **د.عبدالکریم بکار , لا:27**).

## ❖ کەم و کوڕیەکانیشت لا جوان ئەبێت:

هارونە ڕەشید (خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی) ، کاتێک گوێی لەوە ئەبێت کە کوڕێک بۆ کچێک شێت بووە و وەدەشت و دەر کەوتووە. زۆر لای سەیر ئەبێت لە بیری خۆیدا ئەڵێت: "ئەبێت ئەو کچە چەندە جوان بێت وا ئەو کوڕە بۆی شێت بووە ". بۆیە فەرمان ئەدات بانگی ئەو کچەی بۆ بکەن ، کە کچەکەیان هێنا سەیری کرد. کچەکە ئەوەندە جوان نییە تا کەسێک لەپێناوی شێت ببێت ، زۆر لای سەیر ئەبێت. ئاخر ئەو کچە شایەنی ئەوەیە کە کوڕێکی گەنج وا بۆی شێت ببێت!

هارونە ڕشید بە کچەکە ئەڵێت: " تۆ خۆ ئەوەندەش جوان نیت ، چۆن ئەو کوڕە بۆ تۆ وا شێت بووە و وەدەشت و دەر کەوتووە؟! " ، کچەکە لە وەڵامدا گووتی: " ئاخر ئەو تەنانەت ناشرینیەکەشم بە جوان ئەبینێت".


ئەمەیە بیرکردنەوەی دوو جەمسەری گەر کەسێکت لەڕادەبەر خۆشبوێت. تەنانەت ناشرینیەکانی بە جوان ئەبینیت ، بە پێچەوانەشەوە گەر ڕقت لە کەسێک ببێتەوە یان لەبەرچاوت کەوتبێت حەزدەکات با فریشتەش بێت تۆ هەر لات وایە شەیتانە.

هەر بۆیەشە ئیمامی علی لەو بارەیەوە فەرموویەتی : حُبُّكَ الشَّيْءَ يُعْمِي وَيُصِمُّ

واتا : "خۆشەویستیت بۆ هەرشتێک ، نابینا و کەڕت ئەکات."[1]



## ❖ ناتوانیت لە حەقیقەتەکان بگەیت:



ئەلبێرت سپێر[2] ( 1905-1981) وەزیری چەکدانان و بەرهەمهێنانی چەک بوو لە نێو دەوڵەتی "نازی". ئەو دەوڵەتەی کە بەرپرس بوو لە کوشتنی زیاتر لە پێنج ملیون کەس و هۆلۆکۆستی جوولەکەکان. کەچی ستێر کاتێک پاش ڕووخانی دەوڵەتی "نازی" ، کەوتە دەست هاوپەیمانان و لەساڵی ١٩٤٥ دادگایی کرا[3] ، لەدادگایەکە وتی " من هەموو ئەو شتانەی کردم ، وام ئەزانی شتانێکی باشن!" ( Blaine Taylor. *Hitler's Engineers*, pp: 10 ).

ئەو یاریدەی دەوڵەت و حیزب و بیروڕایەکی ئەدا ، کە بووە هۆی کوشتنی ٥ ملیون کەس کەچی هەر لای وابووە ئەو کارەی کە کردوویەتی کارێکی باش بووە. لێرەوە کارەساتەکانی ئەم جۆرە

---

[1] هەندێک زانا لایان وایە ئەوە فەرموودەی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم) ، بەڵام ئەگەر فەرموودەی ئەویش بێت فەرموودەیەکی لاوازە. (**عون المعبود لابی داود**)

[2] Albert Speer

[3] لە دادگاییەکانی نۆرنبێرگ ساڵی (1945) دادگایی کرا بە بیست ساڵ زیندانی کردن ، لە ساڵی ١٩٦٠ ئازاد کرا و ١٩٨١ بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد. (wikipedia)

بیرکردنەوەیە دەرئەکەون، بیرکردنەوەی دوو جەمسەری خراپەکانی دۆستت لا چاک ئەکات و باشەیەکانی دوژمنیشت لا خراپ ئەکات. چەندە قوڵبیتەوە لەو جۆرە بیرکردنەوەیە ، ئەوەندەش گەیشتنت بە ڕاستی و حەقیقەت لا قورستر ئەبێت.

ئێستا کە زانیمان "بیرکردنەوەی دووجەمسەری" چییە؟! ، ڕەنگە پێویست بکات سەرێک لە مێژووی بەکارهێنان و سەرهەڵدانی ئەو دەستەواژەیە بدەین.

# مێژووی دەستەواژەی
# "بیرکردنەوەی دووجەمسەری-Doublethink "



یەکەمین کەس کە بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، دەستەواژەی دوو جەمسەری بەکارهێنا. ڕۆماننووسی بەناوبانگی بەریتانی جۆرج ئۆروێڵ (1903-1950) بوو.

## ❖ ڕۆمانی "1984":

جۆرج ئۆروێڵ لە ڕۆمانی " *Nineteen Eighty-Four* - 1984 " کۆمەڵگەیەکی "یۆتۆپیا"ی خەیاڵی زانستی کۆمەڵایەتی خولقاندووە، کە لە دواڕۆژێکی خەیاڵیدا ، لە ساڵی 1984 ، زۆربەی جیهان بوونەتە قوربانی شەڕی هەمیشەیی و چاودێری بەردەوامی حکومەت لەسەر تاک بە تاکی کۆمەڵگە و هەواڵی پڕوپاگەندە . بەریتانیای مەزن کە لە ڕۆمانەکە بە (ئێرستریپ یەک -Airstrip One ) ناسراوە، بووەتە پارێزگای سوپەردەوڵەتی تۆتالیتاری بەناوی ئۆقیانووسیا، کە پارتێک حوکمی دەکات ، "پۆلیسی بیر" بەکار ئەهێنێت بۆ ئەوەی تاکایەتی و بیرکردنەوەی سەربەخۆ بچەوسێنێتەوە. (Orwell, George (1949). *Nineteen Eighty-Four* Martin Secker & Warburg Ltd, London, part 2, chapter 9, pp 220)




ئەم ڕۆمانە بۆتە نموونەیەکی ئەدەبی کلاسیکی خەیاڵی سیاسی، هەروەها چەندین زارەوە کە لە ڕۆمانەکە بەکارهێنراون ، بوونەتە زاراوەیەکی باو لەلایەن کۆمەڵگەوە. لەوانە بیرکردنەوەی دوو جەمسەری بوو.

# بیرکردنەوەی وردەکارانە وەك چارەسەرێك:

بیرکردنەوەی وردەکارانە ، بریتیە لە  چوون بۆ بنج و بناوانی شتەکان ، ئینجا باشی و خراپیەکانی شتەکە لێک جیا بکەیتەوە و بەپێی ئاستی باش و خراپی شتەکە بڕیار لەسەر شتەکە بدەیت ، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەیت کە ئەو کەسە یان ئەو شتە دوژمنتە یان دۆست.

## ❖ بڕیار لەسەر ئاستی باشی و خراپی ئەدات:

هەمیشە ئەوانەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیان هەیە هەم باشی و هەم خراپی ئەو کەسانەیان لەبەر چاوە کە بڕیاری لەسەر ئەدەن ، بۆ نموونە ئەڵێن " فلان کەس کەسێکی باشە ،بەڵام فلان و فلان شتی خراپی هەیە" یان " فلان کەس کەسێکی خراپە ،بەڵام فلان و فلان شتی باشی هەیە". ئەوان خۆیان لە کۆت و بەندی دوو جەمسەری قوتار ئەکەن ، بەو مانایەی ئەوان لای وایە کە  ئەوەی دوژمنیانە با کەسێکی خراپیش بێت  ، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێت هیچ چاکەیەکیشی نەبێت . بەپێچەوانەوە  ئەوەی دۆستمە و خۆشم ئەوێت با کەسێکی باشیش بێت  بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێت هیچ هەڵە و کەم و کوڕێکیشی نەبێت.

ئەوانەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیان هەیە ، گەر بیانەوێت هەڵسەنگاندن بۆ کەسێک بکەن سەیری ئاستی باشی و خراپیەکەی ئەکەن ، گەر باشەی زیاتر بوو ئەڵێن " ئەو کەسە کەسێکی باشە" بەڵام ئەوەشیان لەبەرچاوە کە ئەکرێ هەڵەشیان هەبێت. بەڵام دوو جەمسەر وا نییە ، دوو جەمسەر  گەر بیانەوێت هەڵسەنگاندن بۆ کەسێک بکات ، کە خۆشیئەوێت یان بۆ دۆستێکی بکات ، وا بیر ئەکاتەوە هیچ هەڵە و کەم و کوڕی نییە ، بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆ دوژمن و ناحەزێکی بکات وا بیر ئەکاتەوە کە  پڕە لە هەڵە و هیچ چاکەیەکی نییە.

لێرەوە جیاوازی ئەو دوو بیروڕایە دەرئەکەوێت ، وردەکار لەئاستی باشی و خراپی کەسەکە ورد ئەبێتەوە ، بەڵام دوو جەمسەر لە دۆست و دوژمنی..

| بیرکردنەوەی وردەکارانە | بیرکردنەوەی دوو جەمسەرانە |
|---|---|
| بریتیە لە بیرکردنەوە لە کەسێک و دان پێدانان بە باشی و خراپی کەسەکە و هەڵسەنگاندن بۆی وەک چۆن دەڵێن هیچ مرۆڤێک نیە خراپ و باشی نەبێت.<br>بەڵام ڕێژەی ئەم باشی و خراپیە ، بڕیار لەسەر ئاستی باشی یاخود خراپی کەسەکە دەدات<br>نمونە کەسێک کە باشەی زیاتر بێت ، بە باش دادەنرێ و سەرەڕای هەبونی خراپەش<br>بەڵام گەر کەسێک خراپەی زیاتر بێت<br>ئەوا بە خراپ دادەنرێ و سەرەڕای هەبونی باشە تێیدا | بریتیە لە بیرکردنەوە لە کەسێکی خۆشەویست یاخود دوژمن ، کە لە ئاستیدا وەک نابینایێکیت تەنها ئەو ڕەنگەی تێدا دەبینی کە زاڵە بەسەری نمونە ڕەنگی سپی لە کەسێکی خۆشەویست دا دەیبینت. کە ڕەنگی سپی نیشانەیە بۆ پاکی و باشی کە تەنها ئەو ڕەنگە لەو کەسەدا دەبینی سەرەڕای هەبونی خراپەش لەم کەسەدا<br>یاخود ڕەنگی ڕەش لەو کەسەدا دەبینی کە دوژمنتە کە ڕەنگی ڕەش نیشانەیە بۆ خراپی و ناخۆشی ، سەرەڕای هەبونی باشی لەو کەسەدا |

# "زیانەکانی بیرکردنەوەی دوو جەمسەری"

## ❖ دوو جەمسەری : وەك هۆكاری ناكۆكیەكان لە نێو كۆمەڵگە

هەر کۆمەڵگەیەک بیرکردنەوەی دووجەمسەریانە زاڵ بێت بەسەریاندا. هەمیشە کێشە و ناکۆکی و یەک تر قبوڵ نەکردن و ڕەگەزپەرستی لە نێویاندا ڕوو لە زیادبوونە. لە هەمان کاتدا ئاستی وشیار و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەش ڕوو لە کەمی ئەکات ، چونکە ئەو کۆمەڵگەیانە قبوڵی ڕای جیاواز نەکەن و هەمیشە بە شێوەیەکی توندڕەوانە لە دژی ڕای جیاواز ئەوەستنەوە (توندڕەوانە سەنگەر لە جەمسەری بەرامبەر ئەگرن).

هەر بۆیە "د.عبدالکریم بکار" لای وایە کۆمەڵگەی نەخوێندەوار یان نیمچە نەخوێندەوار[4] و دواکەتوو ، بیرکردنەوەی دوو جەمسەری بەسەریاندا زاڵە.



هۆکارەکە بۆ ئەوە ئەگەڕێنێتەوە کە سروشتی مرۆڤ وایە کە دەستپێوەگرە (اقتصادي)ـە ، بە جۆرێکی تر "تەمبەڵە" و هەوڵی ئەوە دەدات کەمترین ئەرک بکێشێت. ئەوە وامان لێ ئەکات مێشکمان زۆر سەرقاڵ نەکەین و بەردەوام هەوڵی ئەوە بدەین کە نەچینە نێو وردەکاری شتەکانەوە. ئەمە ئەبێتە هۆی بیرکردنەوەی دوو جەمسەری ، چونکە بۆ هەڵسەنگاندنی شتەکان سەرێکی دوو جەمسەرەکە ئەگرین و وردەکاریەکانی ئەو نێوەندە پشت گوێ ئەخەین. (***هەنگاوێک بەرەو بیرکردنەوەیەکی دروست (2015): د.عبدالكريم بكار , لا:27***)

---


[4] نیمچە نەخوێندەوار: بریتین لەوانەی خوێندنەوە و نووسین دەزانن بەڵام بە زۆر دەگمەن دەخوێنەوە هیچ ئاگایان لە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری نییە. (د.عبدالکریم بکار)

لەو خشتەیەدا ئەو زیانانە دەرئەکەون کە بەهۆی بیرکردنەوەی دوو جەمسەریەوە بەسەر کۆمەڵگە ئەچەسپێن:

| زیانەکانی بیرکردنەوەی دووجەمسەری لە کۆمەڵگە |
| --- |
| تۆوی ڕەگەزپەرستی ئەچێنێت لە کۆمەڵگەکەدا. |
| ڕای جیاواز لە کۆمەڵگە جێی نابێتەوە |
| شارچیەتی و عەشیرەتچیەتی و حیزبچیەتی لەو کۆمەڵگەیە تۆخئەکاتەوە |
| ڕێگر دەبێت لە پێشکەوتن و دەرکەتنی بیرۆکە نوێ و نوێخوازی |
| یەکتر قبوڵ نەکرد و ناکۆکی هەمیشەیی لە کۆمەڵگەکە هەست پێ ئەکرێت |
| توندڕە و دەمارگیری لەو کۆمەڵگەیە تەشەنەدەستێنێ |

## توێژینەوە:

هیچ توێژینەوەیەک یان داتایەک شک نەبرێت ، کە لەسەر دیاریکردنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەنجامدارابێت لە کۆمەڵگەدا. بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی داتایەکمان لەبەر دەست بێت . هەوڵماندا لە ڕۆژی پێنج شەممە (ڕێکەوتی: 2020/12/10)، توێژینەوەیەکمان لەسەر هاوپۆلانی خۆمان کرد.



# دەرەنجام:

- ❖ بەشێوەیەکی گشتی هەر تاکێکی کۆمەڵگە ، سەرەتا خۆنەویستانە بیرکردنەوەیەکی دوو جەمسەریانەی هەیە. بەڵام بەپێی ئاستی وشیاری ئەتوانێت گۆڕانکاری لەو جۆرە بیرکردنەوەیە بکات . لە دوو جەمسەریەوە بۆ وردەکاری.

- ❖ بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی وردەکارانەمان هەبێت ، لەکاتی هەڵسەنگاندنی هەر شتێک (یان هەر کەسێک) ، پێویستە بڵێین :

✓ فڵان کەس (یان شت) کەسێکی باشە ، بەڵام ئەکرێت خراپەشی هەبێت .

✓ فڵان کەس (یان شت) کەسێکی خراپە بەڵام ئەکرێت باشەشی هەبێت .

# سەرچاوەکان:


1. د.عبدالكريم بكار: هەنگاوێک بەرەو بیرکردنەوەیەکی دروست (2015).
2. Hitler\'s Engineers: Fritz Todt and Albert Speer - Master Builders of the Third Reich
3. https://en.wikipedia.org/wiki/Nineteen_Eighty-Four
4. https://en.wikipedia.org/wiki/Doublethink
5. https://www.britannica.com/biography/Albert-Speer
6. https://youtu.be/szhpgDz5iC8
7. ڕۆمانی (١٩٨٤) : جۆرج ئۆروێڵ، و:حەکیم کاکەویس (چاپی یەکەم – هەولێر ٢٠٠٥)
8. http://hadithportal.com/index.php?show=hadith&h_id=4530&uid=0&sharh=5760&book=26&bab_id=